# خاوەنیەتی تۆمارەکان

خاوەنیەتی تۆمارەکان:

پرۆژەی کۆچبەرانی ڕزگاربوو (ISP) لە ناوەندی ئیمکانیاتی دەزگای کۆچبەریی پێنسیلڤانیا خاوەنی ئەو تۆمارانە یە کە زانیاریی قوربانیانی تێدا یە. پرۆژەی کۆچبەرانی ڕزگاربوو دەبێ هەموو تۆمارەکانی مشتەری و زانیاریە ناسنامەییەکانی ئەو وەک نهێنی بپارێزێت. پرۆژەی کۆچبەرانی ڕزگاربوو دەبێ تۆمارەکان، فایلەکانی قوربانیان، یاداشتەکان و زانیاریە نووسراوەکانی تر لە نەمان، دەستتێبردن یان بەکارهێنانی ڕێگەنەدراو بپارێزێت. پرۆژەی کۆچبەرانی ڕزگاربوو دەبێ دڵنیا ببێت کە ئەم زانیاریانە بە نهێنی دەمێننەوە، غەیری ئەو حاڵەتانەی کە مشتەری دڵبخواز زانیاریەکان ئاشکرا دەکات.

مافی مشتەری بۆ پشکنینی تۆمارەکان:

هەموو مشتەریەکان مافی ئەوەیان هەیە کە فایلی خۆیان بپشکنن. مشتەری نابێت ئەو شتانە بپشکنێت کە بەرهەمی کاری کارمەندەکانن (واتە یاداشتەکان یان هەر شتێکی تر کە کارمەندەکانی پرۆژەی کۆچبەرانی ڕزگاربوو ئامادەیان کردووە). تۆ دەتوانیت داوا بکەیت کە زانیاریی نادروست، بەسەرچوو یان ناتەواو لە تۆمارەکانی تۆ دا ڕاست بکرێتەوە یان لاببرێت. تۆ دەتوانیت زانیاریەکانی ڕەتکردنەوەی تۆمەت یان یاداشتە نافەرمیەکانیش بخەیتە سەر تۆمارەکەت. ئەم ماتریاڵە دەبێ بە شێوەی نووسراو بێت و کۆپیەکی لەنێو فایلەکەی تۆ دا بمێنێتەوە.